# شاردنەوەی شکستی سیاسی و پەنا بردن بۆ نەژادو ڕەگەز پەرستی

بەشی یەکەم



**بارزان شوان**

دوابەدوای پاراستن و داکۆکی کردن لە بنەما دیموکراتیەکان و سەقام گیری و ئارامی لە وولاتی عێراقی فیدراڵدا کە لە لایەن وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دێر زەمانێکە نەخشەیەکی تایبەتی بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی  دارشتوە.

وا ئێستاکێ لاپەڕەیەکی دی نوێ خەریکە دەکرێتەوە، ئەویش بە  لاپەڕەی ڕەگەزپەرستی  و نەژاد پەرستی تایفەگێڕێتی نازناوی دەرکردوە،  بێگومان دوای ئەوەی کە سیاسەت و ڕێنمایی ڕامیاری ئەمریکیەکان لە عێراقدا شکستی هێنا و شەڕخوازەکانیش هەر ڕۆژە بە بیانوویەکەوە لە کارە تێرۆریستیەکانیان بەردەوامن و تاقمە حیزبیە سەر بە میلیشیەکانیش ڕۆژانە تا پێیان بکرێت بە خوێنی یەکتری تێر ناخۆنەوە و خەڵکانی بێ تاوانیش لەو نێوانەدا بوونە بە سووتەمەنی بۆ مانەوەی ئەم گروهە سیاسی و میلیش و تێرۆریستانە، وە هەروەها  بە پێی بەڕێوەچوونی ئەو یاسا نوێیەی کە زۆربەی زۆری دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی عەرەبی کە  ئەوڕۆ داکۆکی لێدەکەن و هەر یەک لەوان بە پێی ئەو مەرام و بەرژەوەندیانەی پێکەوەیان دەلکێنێت لێی دەدوێن، نابێت بە پاڵپشتێک وئەوئەزمونە دژوارە گەلێک باشتر ناکات کە بە سەر گەلانی عێراقدا تێدەپەڕیت، هەتا ئەو ڕۆژەی بە ناو ڕۆشنبیرانی عارەبی تەنها مەرامیان ڕەزامەندی سەرکردەو دەسەڵاتدار و حاکمە سیاسیەکنیان بن،  بێگومان پاشەڕۆژی وولاتەکانیشیان لە ڕۆژگاری ئەوڕۆی عێراق باشتر نابێت.

سەلماندنەکەشی ئەوەیە کە گەلانی عێراقی بە گشت کۆمەڵگاو ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە تا ئەوڕۆش شایەنی هەڵگری بەیداخی دیموکراتیەت نیە و جارێ گەلێک زووە  گەلانی  ئەو وولاتە بتوانێت خۆی بە نەتەوەیەکی دیموکراتیخواز بناسێنێت. بەڵکو جگە لەوەش  ڕۆشنبیران ودەسەڵاتدارانی ئەو وولاتە  تا ئێستاش هەر نازانن ئەو بابەتانەی  سەبارەت بە مافی مرۆڤەوە پەیوەستە و وەک یاسا نووسراونەتەوە بێگومان یەخەی ئەوان هەر ناگرێتەوە، ئەو دوو بابەتە هۆکارێکی گرنگن بۆ وەدیهێنانی پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار ، کە ببێتە هاتنە کایەوەی گۆڕانکاریەکی سەرەکی بەرەو چەسپاندنی قۆناغ و بنەما تازەکانی سەر بە سەکۆ دیموکراتیەکان.

لەڕاستیدا یەک چارە هەیە ئەویش سەردانەواندنە بۆ دەوڵەت، ئەو دەوڵەتەی دووچارە کە بە بنەما یاساییەکانی خۆی دایناون پابەند بێت، بێگومان لێرەدا مەبەستم بەرپا بوونی یەک یاسایە، نەک ئەو یاسایەی کە سەر شۆڕ بکات بۆ کۆمەڵێک خەڵکانی سەر بە تاقمە تایفەگەرەکان و پیاوانی دینی و عەشایر گێڕێتی، ئەو ملکەچیەی کە گشت تاقم و توێژەکانی چینە جیاوازەکانی گەل نەگرێتەوە بەڵکو تەنها دەسەڵاتداران و پیاوانی دینی و سەرەک عەشرەتەکان و جێگرەکانیان بگرێتەوە. کە تووڕەیی ڕووەو

هەژارو بێ دەرامەتەکان لە لایەک و خەندەو هۆگری ڕووەو دەسەڵاتداران لە لایەلی ترەوە بنوێنێت .

بێگومان ئەوە بە کورتی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی پێیکەر هامیلتۆنە، کە تیایدا هاتوەو دەڵێت جێبەجێ کردنی دیموکراتیەت لەو وولاَتەدا دەبێت دوا بخرێت و سەرنجو بایەخ تەنها بە ئاسایش و ئارامی بدرێت، ئەویش هەر بۆ ئەوەی ئەمریکا دوا بە دوای بە سەقام گرتنی ئەو ئارام بوونە بەڵکو زووتر بتوانێت لە عێراقدا پاشەکشێ بکات و خۆی لەو داوەی کە بۆ خۆی دانابۆوە دوور بخاتەوە.

ئەو جۆرە هزرو هۆش و بۆچوونانەش لە ڕووی ڕامیاریەوە گەلێک ناماقوڵن. یەکەمیان ئەوە بوو کە کاتێک ئەمریکا هات و عێراقی ڕزگار کرد، بە کارێکی ئەزموونی دەژمێردرێت و ئارمانجی ئەمریکاش تەنها بۆ بەرپا بوونی دیموکراتیەت بوو لە وولاَتێکدا کە تەنها دیکتاتۆرێک بە ئارەزووی خۆی یاسا چەوتەکانی سەر بە ڕژێمەکەی بەڕێوە دەبرد، کەچی هەر بە خۆی ئەمریکا ئەو مەبەستەی بۆی هاتبوو ڕەد کردەوەو خۆی بە داگیرکەر ناو برد. قسەڵۆکەکەی تر وا دەڵێت کەوا ئەو داگیرکردنەی ئەمریکا تەنها بۆ بڵاو کردنەوەی دیموکراتیەت نەبوە بەڵکو لە پشت ئەو بۆچوونەدا مەرامی شاردراوەو وون بوو هەبوون، وەک بۆ نموونە لە ناو بردنی هێزێکی سوپایی مەزن لە عێراقدا کە سەددامی دیکتاتۆر سەرداری بوو، ئەو سوپا سەربازیە مەزنەش هەم بۆ ئیسرائیل وە هەم بۆ ناوچەکەش دژوار و خەتەرناک بوون، وە بۆ بەرپابوونی وولاَتێکی بەرین و بە نرخ و شانو شەوکەت کەش کە بتوانێت شان لە شانی وولاَتانی دی جیهان بدات و ڕاستەوخۆ دژ بە تێرۆر و کوشتارو ڕفاندن بێ سڵ کردنەوە بوەستن.

ئاخافتنەکەی سێهەم دەڵێت کەوا ئەو پێکداچوونەی لە نێو خودی میللەتانی عیراقدا هەیە تەنها بە نەهێشتنی هێزی سیاسی و سەربازی و ڕووخاندنی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان نابێت، وە مەبەست لەو جۆرە ڕەوشەش ئەوە نەبوو کە میلیشیاکان بێن و جێگەی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان بگرنەوە، بەڵکو ئەو ڕەوشەی کە لە دوای ڕژێمی پێشووی عێراق هاتە کایەوە، بووبە هۆی ئەوەی کە تایفە گەڕی و ئۆل و پیاوانی دینی و سیاسی تێکەڵ لە شیعەو سوننە درووست بکات، ئەم کاردانەوەیە لە سەر ئیدارەی ئەمریکی بە نەرێتی کەوت و بووبە هۆی ئەوەی کە ڕەگەز پەرەستی دینی وسووکایەتی کردن بە یاسای نێو دەوڵەتی و ژێری بیر و سیاسەت و جەنگ و هەستێکی نا ڕاست بخوڵقێنێت . بەڵام دواکەوتوویی بەشێک لە کاسانی سەرکردانی میلیشیەکان و تێکەڵ بوونی ڕۆشنبیری گشتی و دینی و ڕەوشتی ئەخلاقی بوونە زیاتر خۆش کردنی ئاگرەکە. وا پێ دەچێت کە ئەویش ببێتە هۆی خۆشکردنی شەڕی ناوخۆ و کوشتن و فڕاندن، وە ئەویش بێ گومان کاردانەوەیەکە بۆ سروشت و ڕەوشی میللەتانی عێراقی موسوڵمان و نا موسلمان، ئەو کەسانەی کە مانای یاساو وولاَت پارێزی نازانن، بەڵکو نرخی ژیانی مرۆڤیشی تیادا پێشێل کران، هیچ کارێک وایان لێ ناکات کە واز لە کوشتن و لەناوبردن بهێنن و خەڵکانێکی بێگوناهیش لە سەر پسوولەو شوناسنامەی ناو بەرکیان ڕۆژانە بکوژرێن، دژواری و سەختی سەپاندنی دیموکراتیەت لە لایەک و دەست تێوەردانی وولاَتانی بێگانە و دراوسێکانی سنووری عێراقیش لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و بە سوودیش بۆ سەر گەلانی عێراق بگەڕێتەوە ئەوا تەنها بۆ بەرژەوەندی دەرەکی ئەو وولاَتانەیە کە تا بۆیان بلوێت لە ویەکسانی و گرتنە مافە ڕەوایانەی گەلانی عێراق بە تایبەتی گەلی کورد هەرگیز سڵ ناکەنەوە، ئەویش هەرچەندە پێشبینیە سیاسیەکانیشیان بۆ ئەو دەست تێوەردانە ناشایەستانە نەیەنە جێ گرتن.

ئەو کارانە گشتیان دەبنە هۆی شاردنەوەی داکۆکیە نوێیەکان و پەردە پۆشینە لە سەر داگیرکردنی وولاَتانی بە هێز و بە گەورەکردنی ئەو شەرمانەیە کە گرێدراون بە ڕۆشنبیری سیاسی و وویژدانی، ئەو شانوشەوکەتە شکستەیەی ئەمریکا لەو وولاَتەدا دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هەموو نا ئارامیەی کە ئەورۆ لە

عێراقدا به دی دەکرێت، ئەو کارانە لە لایەن هیچ گرووهێک و مرۆڤێکی ئازاد بە ڕەوا ناژمێردرێت وە ناکرێت ئەورۆ ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ لە ژێر داموو دەزگا داگیرکەرەکاندا دەیان نالاند ئەورۆ لەسەر بابەتی ڕەگەزپەرەستی بکوژرێن و سەرنگوم بکرێن، هەر لە بەر خاتری بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی شاش و نەشیاو بۆ گەلانی عێراق، بەگژدا چوونی تایفەگەرێتی یاخود بنیاتکردنی سیاسەتی دینی کوێرانە، هەرگیز بە شوناسنامەی گەلان نایەتە ژماردن. هەرگیز پەیوەندیان نیە بە ڕۆشنبیری لاساییانە یاخود هزری پێشڤەچووی نوێ، بەلام نەمانی سیاسەتێکی قانوونی یاسا داڕێژراو دەبێتە ڕێنمایەک بۆ نەمانی بەرنامەیەکی سیاسی شیاو و دیار کە بەرژەوەندی گشتی تیادا پارێزراو کرابێت، گەڕانەوەی دەسەلات بۆ چەند کەسانێکی ناسراو کە لە ژێر پەردەی دینی یاخود تیرەیی خۆیان نوقوم کردوەو شاردۆتەوە، بێگومان دەبێتە هۆی نا ئارامی و بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی  یاسایی ساکار، کەواتە دانیشتن ناکرێت بکرێت لە گەل ئەو خەلقانەی کە ڕاستەوخۆ سیاسەتی چەوتی ڕەگەزی دینی و تاییفەیی دەگێرن.

بۆگەڕانەوەی یەکسانیەکی بنەڕەتی و پێشکەفتنێکی جڤاکی بێگومان پێویست دەکات وە بە کارێکی سروشتیش دەژمێردرێت کە بەرژەوەندی چەند کەسانێک پشت گوێ بخرێت و کاروبارەکانیان بوەستینرێن، هەرچی پایەو دەسەلاتیش هەیە لێان بە زۆردی بێت یان بە ئاشتی بپچڕێندرێت، جا با هەر پایەیەکیشی هەبێت یان هەر پلەیەکی دەولەتی هەبێت، ئەم کارە سیاسەتی ئابوری و کۆمەلایەتی و دینی بۆ ڕێگا ساکارەکەی خۆی دەگەڕێنێتەوەو  دەبێتە هۆکاریکی شیکاری سیاسی و یاسایی. ئەم  ڕەوتە سیاسیە هەرچەند بە ڕێگایەکی ئاشتی خوازانە جێ بە جی بکرێت هێندە باشترە، خۆ دوور گرتن لە شەڕو شۆڕ و گرژی بێگومان قازانجێکی نەتەوایەتی گشتیە، خۆ ئاشکرا دیارە ئەم ڕەوتە سیاسیە بە سەر گشت ئەو میللەتانەدا دەسەپێت کە گەلانی جوداو تیرەوە هۆزی جودا لە یەک کۆمەلگای هاوبەشدا کۆ دەکاتەوە، وە هەروەها دەکرێت بەسەر ئەو کۆمەلگانەدا بەڕێ  کرێت کە لە گۆماوی ڕەگەزایەتی و تیرەگەرێتیدا دەتلێنەوە، بەو شێوەیە چوارچێوەو بناغەی مەدەنی و حیزبی و کۆمەلەو ڕێکخراوە جەماوەریەکان بۆ یەکسانی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە جارێکی کە دەگەڕێتەوە.

**دی سو**

**200701**

uvnbas@hotmail.com